# دیمانەیەك لە گەڵ ئازاد قەزاز

سازدانی : ئومێد قەرەداغی

ئەمرۆ گفتوگۆ دەربارەی ئایین و لە ناو ئایینیشدا شەریعەت گفتوگۆیە دەربارەی بابەتێکی گرنگە کە ڕۆژانەرەمسی ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی و هۆشیاری ئێمە ئەکات. گرفتی گەورە ڕەنگە بە تەنها لەوەدا نەبێت کە ئایین و شەریعەت لە کۆمەلگای ئێمە و هاوشێوەکانی ئێمەدا ئەم ڕۆلە گرنگ ئەبینن , بەلکو پتر لەوەشدایە کە ئەو مۆدێلە ستانداره لە هۆشیاری ئایینی مۆدێلێکە ڕەنگدانەوەی دۆخێکی کۆمەلایەتی و سیاسی و کەلتوری دیاریکراوە ئەمرۆ بەسەر کۆی زەمانەکاندا قلپ ئەکرێتە تا ئێستا زۆر بە کەمی خراوەتە ناو جەدەلێکی زانستی و عەقلییەوە بۆیە بە دەستلێنەدراوی ماوەتەوە. ئێمە لێرەدا دەرگا ئەکەینەوە بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی شەریعەتەوە, بۆ ئەم مەبەستەش نوسەر و ڕوشنبیر کاک ئازاد قەزازمان دواندوە

**ئومێد قەرەداغی : *با سەرەتا لەبارەی شەریعەتەوە گفتوگۆبکەین، ئایا تا چەند ئەتوانین تەماشای شەریعەت بکەین وەک کۆمەڵە یاسا و پرەنسیپێک کە راستەوخۆ ڕەنگدانەوەی ویستی ئیلاهییە یان بەرجەستە کەری کەلامی خودایە ؟ ئایا شەریعەت تاچەند ڕەنگدانەوی واقعی کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئابووری کۆمەڵگا و ئەو زەمەنە مێژوییەیە کەتێیدا فۆرمەلە کراوە ؟دواتریش ئایا لە مێژووی ئیسلامیدا باکگراوندی هۆشیاری موفەسیر و مەعەریفەی نا ئایینی ئەو سەردەمە تا چەند رۆڵی گێراوە لە بەرهەمهێنانی شەریعەتدا ؟**

ئازاد قەزاز : بەراستی ئەم پرسیارە قسە زۆر هەلدەگرێت. مرۆڤ نازانێ لە کوێوە دەست پێبکات. لەوانەیە بەم پرسیارە ( چۆن کتێبێک لە ناو ئەو گشتە کتێبانە بوو بە کتێبی خودا) دەست پێبکەین, دەروازەیەکمان بۆ بکاتەوە تا ئەم پرسیارە وەلام دەینەوە. ئەم پرسیارە لای ئیسلامیەک وەلامدانەوەی زۆر ئاسانە, چونکە راستەوخۆ ئایەتەکانی قورئان وەک موعجیزەیەک بەکاریان دەهێنێت بە پالپشتی موعجیزەی زمانەوانی و بە بەکارهێنانی زانستی ئیمرۆو, دەرئەنجام ئەم کتێبە دەکرێتە کتێبی خوداو, سیفاتی هەمیشەیی و هەتاهەتای دەداتێ. من خۆم یەکێک بووم سەردەمێک ئەم ستایلەم بە کاردەهێنا. خۆ ئەگەر زانستخوازانە و بابەتیانە لەم کتێبە بروانیت ناتوانی هەروا بە سانایی بریار بدەی و دەرئەنجام وا زوو بەدەستەوە بدەی. ئەگەر قورئان کە سەرچاوەی یەکەمی شەریعەتە کەلامی خودا بێت ئەوە کۆمەلێک -تناقچات - هەیە دەبێ وەلامی بدرێتەوە دەنا ئەو سیفەتە ئیلاهییەی لەدەست دەدات. ئەگەر بلێین کەلامی خودا نیە ئەوکات بەرەورووی گرفتێکی گەورە دەبینەوە, ئەویش ئەوەیە دەبێ چەمکی خوایەتی ماناکەی کە تائێستا باوەو خەلکی لەسەری راهاتوون بگۆرین. چونکە دیاردەیەکی وەک قورئان نزیکەی هەزاروچوارسەدسال سیفاتێکی ئاوای هەلگرتبێ, کە خۆی لەخۆیدا ئەم مێژووە درێژە لای زۆرینەی کەس دبێتە بەدیهیەک بە ئاسانی ناتوانی پێچەوانەکەی بسەلمێنیت. سەلماندنی پێچەوانەکەی کۆمەلێک میکانیزمی سایکۆلۆژی و پرنسیپی فەلسەفی و خوێندنەوەی بەجۆرێکیتری مێژوو دەخوازێت, کە لێرەدا بوار نیە باسی بکەین. دەبێ چەمکی خودا, چەمکی ئایین و چەمکی گەردوون

لای خۆمان هەڵوەشێتەوە, ئەوجا دەتوانین ئەوەش بسەلمێنین کە ئایا ئەم کتێبە چۆن کتێبی خوایە یان چۆن کتێبی خوا نیە. پاش ئەوەی خۆم تارادەیەکی باش تاووتوێی ئەو رەهەندانەم کردووە کە پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە هەیە, گەشتوومەتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەگەر تێکرای شتەکان هی خودا بێت واتە وەک بنەرەتی بوون کە سەرچاوەی گشت دیاردەکانە, ئەوا با قورئانیش وەک ئەو شتانەی تر هی خودا بێت, بەلام ئەگەر قورئان ئیمتیازێکی تایبەتی بدرێتی و لەهەموو دیاردەکانی تر جیاکرێتەوە و بکرێتە کەلامی خودا, ئەوە بەلای منەوە وایە کە رەهایەک لەناو نارەهایەکدا گیردەدەین و دەبێ بەبەردەوام واقع بکەینە قوربانی دەقی پیرۆزو بەبەردەوام دەقەکان تەئویل بکەین و لەگەل واقعیدا بیگونجێنین. سەرئەنجام بلێین سەیرکەن چۆن ئەم دەقانە سیفاتی هەمیشەییان هەیە, واتە هی خودایە. بەلام ئایا مرۆڤ بەرهەمی خودا نیەو نەخۆشیش دەکەوێت و دەشمرێت, ئایا گیالەبەرانیتر هەی خودانین و دەردەکەون و ونیش دەبن؟ ئایا رووەک هەرهەمان شتی بەرنایێت؟ ئیتر خۆت بروانە چی هی خودا نیەو دێت و دەروات, بۆچی دەبێت ئەم دیاردەیەش هەلگری هەمان سیفات نەبێت. هەرلە کوارکێکەوە لە ناو ئەتۆمێکدا بیگرە تا دەگاتە مەزنترین هەسارە دەمرێت و دروست دەبێتەوە, بۆچی دەبێت تەنها دیاردەی قورئان هەلگری ئەم سیفەتە بێت. ئەم بۆچوونە ئەوە ناگەیێنێت کە قورئان بەم دیدەوە بێ بایەخ بکرێت, نەخێر هەرگیز لای من ئەو مانایە نابەخشێت. بەم دیدەوە قورئان دەچێتەوە ناو مێژوو و لەوێدا رۆلی خۆی دەبینێت و هەر لەم دیدەوە بونێکی رەها کە لە ناو دیاردەیەکی سنووورداری وەک قورئان وەدەردێت و دەروازە والا دەبێتەوە بۆ ئەزمونی تری لەوجۆرەی کە قورئانی وەبەرهێناوە. لەوانەیە بلێم وتەکەی نیتچە لێرەدا بەسەر موسلمانەکاندا بچەسپێت کە لەبری مراندنی خودا لەلایەن مەسیحێکانەوە, زیندانی کردنی خودایە لە قورئاندا لەلایەن موسلمانەکانەوە. گەر قەناعەتمان وابێت کەواتە نەک شەریعەت بەلکو سەرچاوەکەشی کە قورئانە رەنگدانەوەیەکی تەواوی واقعی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوریشە. لێرەدا دەبێ شەریعەت و فیقهـ جیابکەینەوە. شەریعەت واتە ئەو یاساو رێسایانەیە کە لە قورئان و سونەتدایە و فیقهیش ئەو تەئویل و لێدانەوانەیە لە سەر بنەمای شەریعەت, کە زانایانی ئیسلام لە مێژووی ئیسلامدا کردوویانە. بەتەئکید کەس ناتوانێ ئینکاری بەرهەمی پرشنگداری ئەو زانایانەبکات. بەتەئکید ئەو شەریعەتەی کە لەسەر تەئویل و تەفسیری ئەو زانایانە وەستابێت پەیوەندییەکی تەواوی بە باکگراوند و هوشیاری ئەوانەوە هەیە, دەنا چۆن ئەو هەموو مەزهەبە فیقهی و تەفسیری جیاواز و رێبازی سۆفیگەری و فەلسەفی و عەقیدی سەرهەلدەدات. نەک هەرجیاوازی سەردەم بەلکو جیاوازی کەلتور و مێژووی جیاوازیش رۆلی گرنگی لەم بوارەدا گێراوە. دەرئەنجام شتێک نیە هی خودا بێت و ئەوانیتر هی شتێکی تر بێت. یان هەمووی هی خوایە و مۆرکی ئەوی پێوەیە , یان هەمووی هی خودا نیە و قایل بین بەو قەدەرە. نەک هەر لە فیقهدا ئەو رەنگدانەوەیەی سەردەم و کەلتوری پێوە دیارە, بەلکو لە قورئانیشدا ئەو دیاردەیە بە دی دەکرێت. هەر وەک نموونە ناسخ و مەنسوخ لە قورئاندا بەلگەیە لەسەر دەسکاریکردن بەگوێرەی ئەو زەمەنە کورتەی قورئان کە بیست وسێ سال بوو, چ جای ماوەیەکی درێژی هەزاروچوارسەدسالەی مێژووی مرۆڤایەتی.

ئەگەر خوایەک لەو ماوە کورتەدا لە پێناو ئەو گۆرانەی لە کۆمەلگادا روویداوە یان لە پێناو خواستەکانی هەلگرانی ئەو عەقیدەیە, رای خۆی بگۆرێت, چ سەیر و سەمەرەیە ئەم ماوە دورودرێژەی مێژووی ئیسلام بەم هەموو گۆرانکاری و کارەساتەی بەهۆی هەلگرانی ئەو عەقیدەیەوە روویداوە و ئەو هەموو نالەبارییەی بەسەر هەلگرانی ئەو عەقیدەیەدا هاتووە, وا بێدەنگە و هیچی تر نانێرێت. ئەم پرسیارە وەک تانەو تەشەرە نایلێم, بەلکو پرسیارێکی جدییە و دەیکەم. من لێرەدا

ناچمە ناو درێژەی ئەو پرسیارنەی تر کە لە ئاست ئایەتەکانی قورئان خۆیدا قوت دەبێتەوە و ئەو فیکرە باوەی ئەو سەردەمەی قورئانی تێدا سەرهەلداوە تا چەند لە ناو قورئاندا رەنگدەداتەوە, چونکە بواری ئەوەمان نییە لێرەدا. بەلام لەگەل ئەوەشدا دەتوانین بلێین , بەگوێرەی فەلسەفەکەی هیگل سەبارەت بە وەی رۆحی رەها لە مێژوودا لە رێگەی مرۆڤەوە خۆی تحقیق دەکات, با قورئانیش یەکێک بێت لەو دیاردانەی کە خودا لەو سەردەمدا وا خۆی نیشان داوە, بەلام ئەو رۆحە رەهایە لەو سەردەمەدا گیردەین و ئەزمونی لەو جۆرە نەهێلین دووبارە بێتەوە, ئەوە بەبۆچوونی من بەراستی کارەساتە. لێرەدا مرۆڤیش ئازادی خۆی وەردەگرێت و هەر مرۆڤیش بەرپرسیار دەبێت لە رووداوەکان و خوداش با ئەو نهێنیە بێت کە هەرگیز مرۆڤ بە هیچ میکانیزمێک لێی تێناگات و بەبەردەوام لێی دەکۆلێتەوە. ئەم عەودال بوونەیە مرۆڤ پێدەگەیێنێت. ئیتر لەم بۆچوونەدا مەعریفەی ئاینی و نا ئاینی, مەعرفەی پیرۆز و ناپیرۆز, مەعریفەی ئاسمانی و زەمینی نامێنێت, گشتی دەبێتە مەعریفەی ئینسانی.

ئومێد قەرەداغی : پەیوەندی نێوان شەریعەت و دەسەلات بەیەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی گفتوگۆ کردن دائەنریت و خالێکی گرنگی ناکۆکی نێوان بزووتنەوە فەندەمینتالیستییەکان و دنیای نوێیە ؟ من دەپرسم پەیوەندی شەریعەت بە دەسەلاتەوە چۆن پەیوەندییەکە؟ئایا هەر لە بنەڕەتەوە تەفسیرکردنی دەسەلات لە ئەرکەکانی عەقلە یان لە ئەرکەکانی شەریعەت ئایا سپارکردنی ئەرکی بەرگریکردن و پیادەکردنی شەریعەت بە دەسەلات تا چەند رەوا و لۆژیکییەو دواتریش ئایا ئەگەرێکی لەو چەشنە نابێتە بەهێزترین پاساو بۆ بەرهەهێنانی دەسەلاتێک کە خەونی کۆمەلگای فرە کەلتوورو ئزادییەکان لە بار ببات؟.

ئازاد قەزاز : پەیوەندی نێوان ئەو دوانە, پەیوەندییەکی پتەوی دینامیکیە. واتە بەبەردەوام ئەم دوو ئاراستەیە کار لەیەکتر دەکەن و لە هەمان کاتدا یەکتر بەکار دەهێنن. ناهەموارترین کات ئەو کاتەیە کە بەرژەوەندی شەریعەت و بەرژەوەندی دەسەلات دژ بەبەرژەوەندی تاکەکانی ئەو کۆمەلگایە یەکانگیر بن. ئەم وەسفەی سەرەوە تەنها شەریعەتی ئیسلام ناگرێتەوە, بەلکو وەسفێکە گەر بە مێژوودا بچیتەوە لەزۆربەی پەیوەندی ئەو دوو دەسەلاتەدا لە مێژووی زۆر کۆمەلگادا بەدی دەکرێت.

پێش هەموو شتێک شەریعەت مەعریفەیەکە و مەعریفەش خۆی لەخۆیدا دەسەلاتە. دەسەلاتیش مەبەستمان لە دەسەلاتی سیاسیە. کەواتە پەیوەندی نێوان شەریعەت و دەسەلات پەیوەندی نێوان دوو دەسەلاتی مەعریفی و دەسەلاتی سیاسیە. پاش ئەمانە شەریعەت تەنها چەند سرووت و پەرستشێک نیە تا بلێین ئەوە پەیوەندی نێوان خودا و بەندەکانێتی, نەخێر شەریعەت واتە دەستوری کۆمەلگای ئیسلامی, دەستورێک کە لە وردترین شتی ناو کۆمەلگاوە تا دەگاتە رێکخستنی دەسەلاتی سیاسی ئەو کۆمەلگایە دەگرێتەوە. بە بێگومان ئەم دەستوورە خوازیاری هێزێکە وەک هێزی دەسەلاتی سیاسی بەسەر کۆمەلگادا بیسەپێنێت. ئەمەش پەیوەندییەکی تری شەریعەت و دەسەلاتە, کە بەردەوام پێویستیان بە یەکدی هەبووە. ئەمە وای کردووە کە کۆمەلگا لە هیچ سەردەمێکدا نەیتوانیبێت لە گورزی ئەم دوو دەسەلاتە قورتار ببێت. لەسەردەمی مۆدیرنەدا دەرک بە مەترسی پەیوەندی نێوان ئەم دوو دەسەلاتە کرا و بانگەشەی ئەوەیان کرد کە ئەم دوو دەسەلاتە

دەبێ لێکدی جیاکرێتەوە. جیاکردنەوەی ئەم دوو دەسەلاتەش بەبێ هوشیاری تاکەکانی ئەو کۆمەلگایەش کارێکی ئاسان نیە.
بەشێکی تری پرسیارەکەت کە پرسیار لە ئەرکەکانی عەقل و ئەرکەکانی شەریعەت دەکات, ئەم پرسیارە ئەوە دەردەخات کە شەریعەت لە شوێنێک بێ و عەقل لەشوێنێکی تر. ئەگەر عەقل لێرەدا مەبەستت مرۆڤ بێت ئەوا تەفسیرکردنی دەسەلاتیش و شەریعەتیش لە ئەرکەکانی مرۆڤە. واتە ئەو توانستە عەقلییەی کە مرۆڤ خاوەنیەتی و دەتوانێ دیاردەکانی پێ بخوێنێتەوە. بەبەردەوام هەم دەسەلاتیش و هەم شەریعەتیش لە گۆراندا بوون و ئەوەش ئەم گۆرانەی پیادە کردووە مرۆڤ و پێویستیەکانی مرۆڤ و روداوەکان بوون. هەرکاتێ ئەم دووانە وەستێنران ئەوا کۆمەلگای مرۆڤایەتی دەمرێت. من نالێم سپاردنی شەریعەت بە دەسەلات بەلکو دەبێ هەردوکیان بە مرۆڤ بسپێردرێت. چۆن دەبێت مرۆڤێکی زیندووی گۆراوی دینامیک بە دوو دەسەلاتی وەستاوی رابوردوی ستاتیک بسپێردرێت! ئەم رستەیە قسەی زۆر هەلدەگرێت و مانای زۆری لە خۆی گرتووە, لێرەدا ناتوانین لەوە زیاتر بلێین. بە تەئکید تاکرەوی لە هەرشتێکدا بێت ئەگەر شەریعەت بێت ( بەمانایەکی تر یاسا) و ئەگەر دەسلاتیش بێت لەمرۆدا مەترسیدارە. ئەو مەترسییە هەر بۆ ئەو ولاتە نیە کە ئەو دەسەلاتەی تێدا پیادە دوکرێت, بەلکو بۆ تێکرای جیهان مەترسیدارە بەهۆی ئەو کرانەوەیەی ئیمرۆ جیهان بەخۆیەوە دەیبینێ. کرانەوەی کەلتوورە جیاوازەوکان بەسەر یەکترداو ئازادی مومارەسەکردنی داب ونەریتی خۆمالی و تێکەلبوون بە یەکتر, خواستێکی گرنگی ئەم سەردەمەیە بۆ خۆ ناسین, یەکتر ناسین و لە یەکتر دوە فێربوون. بۆ ئەم دۆخەش سەپاندنی یەک عەقیدە و یەک دەسەلات و یەک درووشم ماندنی ئەم خواستە زۆر گرنگەی سەردەمە.

ئومێد قەرەداغی: ئەگەر ئەو گریمانەیە قەبولّ بکەین کە شەریعەت وەلّامدانەوەیە بە پێداویستی و پەیوەندییەکانی مروڤە بە دەرەوەی خۆی ،ئەوا ئەمرۆ مرۆڤ و وپێویستییەکانی و پەیوەندییەکانی بە دنیاوە تارادەیکی زۆر گۆراوە و لە کۆرانیکی زیاتریشدایە ، تا چەند شەریعەت دەتوانێت وەلّام بەم گۆران و پێویستییە نوێیانەی ژیانی مرۆڤ بداتەوە ؟ زیاتر لەوەش من ئەپرسم ئایا ناتوانین باوەر بەوە بهێنن کە رێکخستنی ژیان لەریگەی عەقلّ و لوژیک و داد پەروەرییەوە ئەلتەرناتیڤە بۆ شەریعەت ؟.

ئازاد قەزاز : ئەگەر بەدوابەشی پرسیارەکەت دەستپێبکەم, ئەوە دەلێم کە شەریعەت خۆی بەرهەمی عەقل و لۆژیکی سەردەمێک بووە, نەک ئەم دووانە دوو شتی دژ بەیەک بن. گرفتەکەی ئیمرۆی جیهانی ئیسلامی ئەوەیە کە پیرۆزییەکی ئەو تۆی بەم شەریعەتە داوە کە لە گەشە و جولەی خستووە. ئەمە ئەوە ناگەینێت کە شەریعەت لابرێت و شتێکی تری زۆر جیا لە بری شەریعەت دانرێت. ئەمە هەرگیز لۆژیکی و زانستی نیە. مەبەست ئەوەیە کە جۆری خوێندنەوەت بۆ شەریعەت بگۆردرێت, ئیتر جولە دەکەوێتەوە ژیان و گەشە هەم لە تاکدا و هەم لە کۆمەلگادا و هەم لە دەستەلاتدا دەست پێدەکاتەوە. یەک نمونە کە خۆم لەم بوارەدا جێبەجێم کردووە: میراتی باوکم کە هەرچەند کەم بوو لەگەل خوشکەکانمدا وەک یەک دابەشم کرد. واتە ئەو یاسایەی کە شەریعەت نیو بەشی بۆ ئافرەت داناوە جێبەجێم نەکرد. هەرچەندە داداگا نیو بەشی بۆ دانابوون, بەلام من بەرەوام نەزانی. ئەمە ئەوەناگەیێنێت کە بلێی خوا نارەوایی بە ئافرەت دەکات, نەخێر ئەوە مرۆڤە لەو سەردەمەدا هەر هێندە لەو مافە تێگەشتووە. ئیتر ئەم هەموو هەراو و هاژەیەی ناوێت. هەرکەس لای

خۆیەوە ئەم رەوایەتیە بەوی تر بداتەوە هێندە درووشم بەرزکردنەوەی ناوێت. ئایا ئەم ماف بەخشینە بەو مەخلوقەی تر چ زیانێک بە خودا دەگەینێت کە وەک یەک بەشە میرات وەرگن. دەزانم ئەم حالەتە پەیوەندی بەگەشەی کۆمەلایەتیەوە هەیە, بەلام سەردەمێک گەر موسلمانەکان نیو بەشیان بۆ ئافرەت دانابێت یەکەم لەبەر ئەوەی کۆمەلگا وای بە دادپەروەرانە دیبێت و دووەم پەیوەندی تاکەکان وای خواستبێت و سێیەم ئافرەت هەر هێندە هوشیاربووبێت کە بە نیوە بەشی خۆی قایل بێت و بگرە بەزۆریشی زانیبێت, دەبێ ئیمرۆ بۆ خودا چی تێدابێت ئەم هاوکێشەیە بگۆردرێت. وەنەبێت ئەم داوایە داوای خوشکەکانم بووبێت, بەلکو داوای ویژدانی خۆم بوو و لە خۆشمەوە دەستم پێکرد. بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێ هاوشانی پێشکەوتن و گەشکردن بکات دەبێت بەبەردەوام دەقەکان واتە وتە نوسراو و نەنوسراوەکان بخاتە ژێرپرسیاری عەقل و روداو و زانستی سەردەمەوە و لەسەرووی هەمووشیانەوە بیخاتە ژێر ویژدانی خۆیەوە, تا بزانێ لە کوێدا کەلێن و کەلەبەر و وەستان و دژواری هەیە و بۆتە بەردی سەر رێگە لای بەرێت, دەنا هەرهەموومان هەلدەنوتێین لەوانەشە ملمان بشکێت و دواجاریش ئەوانیتر تاوانبار دەکەین. ئیتر بەخەیالی خۆمان تەحلیلات دەکەین و تیۆری موئامەرە دەخەینە گەر و خەو دەبینین نەک واقع شی بکەینەوە. شەریعەتیش وەک دەقی نوسراو دەکەوێتە نێو هەمان چوارچێوە و دەبێت بخرێتە ژێر پرسیارەوە نەک بیانووی بۆ بهێنرێتەوە و بە ناوی خوداوە بەسەر خەلکیدا بسەپێنرێت و خەلکیش لەنێوان گۆرانی واقع و وەستانی دەق دا دوچاری دوالیزمی ببن و بە دزییەوە هەر ئەوەش دەکەن کە واقع بەسەریاندا دەیسەپێنێت, دواجار لە نێوان ترس لە خودا و زەبری واقع توشی دلەراوکێ و پارچەپارچەبوونی کەسێتی دەبن. پوختەی وەلامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە نەک تەنها شەریعەتی ئیسلام بەلکو هیچ شەریعەتێک نیە بتوانێ وەلامی هەموو ئەو گۆرانانە بداتەوە کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی سەرهەلدەدەن. بەتایبەتی لەم سەردەمەدا سێکۆلاریزم گۆراناکارییەکی جەوهەری وای خولقاندووە کە وەلامێکی جەوهەری لە ئیسلام دەخوازێت نەک چەند دەسکاریکردنێکی رووکەشی چاکسازی. نەک تەنها شەریعەت گۆرانکاری دەخوازێت بەلکو چەمکی ئایین و چەمکی خوایەتیش دەبێت گۆرانی بەسەردا بێت.

ئومێد قەرەداغی : لای گەلێک لە لێکۆڵەران ئایین وەک گەرانەوە بۆ روحانییەت بۆ پێداویستیەروحیەکانی مرۆڤ پێناسە کراوە ،ئایا هەمیشە تەماشاکردنی شەریعەت وەک بنچینەیەکی ئاین لایەنی روحانییەتی ئایین ناخاتە ژێر پرسیارەوە؟ئەگەر ئایین لە رێگەی شەریعەتەوە تەداخول لە هەموو کاروبارێکی دنیایدا بکات چ مانایەم بۆ روحانییەتی ئایین دەمێنێتەوە؟ ئایا باشتر نییە ئاین وەک بابەتێکی جیاواز لە شەریعەت تەماشا بکەین؟

ئازاد قەزاز : لەسەردەمی مۆدێرنەوە تا هەنووکەش هەولی وا بەرچاو دەکەوێت کە لە خودی ئاین خۆی بکۆلنەوە. ئەم هەولە هەم لە بواری سایکۆلۆژیا و هەم لە بواری فەلسەفەشدا دراوە. ئەم هەولانە باس لەو ئەزمونە ئاینیە رۆحیە دەکات کە بە درێژای مێژووی مرۆڤایەتی وەک دیاردەیەک بەرچاو دەکەوێت. ئەم ئەزمونە رۆحییە کە ناوی ئاینی لێدەنێین لەوێوە سەرهەلدەدات کە مرۆڤی سنووردار و نا رەها دەیەوێت ئەو سنوورە بەرەو بێسنووری و رەها ببەزێنێت. مرۆڤە بەبەردەوام دەیەوێت لەسەرووی ئەم دیاردانەوە مانایەک بۆ ژیان بدۆزێتەوە. ئەم جولە و عەودالییە هەم عەودالی رۆحییە هەم فیکری و دواجار رێبازێکی لێ درووست دەبێت. ئەم ئەزمونە رۆحیەیە دواجار شەریعەتێک دەخولقێنێت بەلام بە تێپەربوونی کات شەریعەت ئەو ئەزمونە رۆحیە دەکاتە کۆیلەی

خۆی. چونەکە مرۆڤ بەگشتی توانستی ئەو مرۆڤەیان نیە بتوانن خۆیان بەو ڕێبازە ڕۆحیەدا برۆن, ناچار تسلیم بەوە دەبن کە هەیە و ئامادە کراوە. هەربۆیە لەسەرەتاوە کە هێشتا ئەو ئەزمونە ڕۆحیە لە لایەن شەریعەتەوە بەتەواوەتی کۆنترۆل نەکراوە, گەشەی کۆمەلایەتی دەستپێدەکات و دواجار دەخنکێندرێت. ئەو کاتەی ئاین ئاغا بوو لە کۆتاییدا شەریعەت دەبێتە ئاغاو ئەو ئەزمونە ڕۆحیە دەبێتە کۆیلە. ئەمەش وەک لە سەرەتاوە لە پەیوەندی شەریعەت و دەسەلاتدا ئاماژەمان پێدا لەبەر ئەوەی کە بەرژەوەندی ئەو دووانە واتە ئەو دوو دەسەلاتە دەکەوێتە مەترسیەوە. چونکە هەر کات ئەو ئەزمونە ڕۆحیە سەربگرێت ئەوا هاوکێشەکانی کۆمەلایەتی و پەیوەندیەکانی نێوان تاکەکان و دەسەلاتەکان دەگۆردرێت و ئەو دوو دەسەلاتە واتە شەریعەت و سیاسی ناتوانن جێگەی خۆیان بگرنەوە. واتە دەسەلاتی شەریعەت و دەسەلاتی سیاسی جیهانی ئیسلام بەرپرسیارن لە مراندنی ئەو ڕۆحە ئاینیەی کە بەردەوام ڕۆحی ڕەوانی مرۆڤایەتیە. دژایەتی کردنی فەلسەفە و سۆفیگەری هەر لەم ترسەوە سەرچاوەی گرتووە و بە ناوی خوداو پارێزگاری کردنی ئاینەوە پەردەپۆشکراوە. شەهیدکردنی مەنسوری حەلاج و سوهرەوەردی شایەتی ئەم حالەن. وەستاندنی ئەزمونی ڕۆحی لە یەک کتێبدا و لە یەک مرۆڤدا نەک هەر ستمە لە مرۆڤ دەکرێت بەلکو ستەمیشە لە خودا خۆی دەکرێت.

لە کۆتایدا ئەمەوێ تیروانینی  تۆ بۆ دۆخی ئیستای جیهانی ئیسلامی بزانم ، ئەم جیهانە ئەمرۆ گیرۆدە بوە بە دەست ناکۆکی لایەنگران و نەیارانی پیادەکردنی شەریعەتەوە ، بە دەست بالآدەستی   بیری  توندرەوییەوە ،تێڕوانینی تۆ بۆ دۆخی ئێستای دنیای جیهانی ئیسلامی چییە؟ بیرمەندی عەرەبی هاشم سالح ئەلی ئێستا دنیای ئیسلامی لە تاریکترین قۆناغی سەدەکانی ناوەراستی ئەوروپا تاریکترە، تو ئەلێی چی.

ئازاد قەزاز : دەمەوێ لێرەدا تەئکید لەوە بکەمەوە کە ئەو بەراوردەی من دەیکەم, بەراوردێک نیە لە نێوان پارتێکی ئیسلامی و پارتێکی علمانی لە جیهانی ئیسلامیدا بەگشتی و ئیسلامی سیاسی و پارتی و یەکێتی لە کوردستاندا بە تایبەتی. بەراوردی من کۆی جیهانی ئیسلامە بە گشت چین و توێژ و پێکهاتەوە و پارت و ڕێکخراوەکانەوە لەبەرامبەر ئەو ئاستەی ئیمرۆ مرۆڤ پێیگەشتووە. بۆنمونە من جیاوازییەکی بنەرەتی لە نێوان پارتی و یەکێتی و یەکگرتوو دا نابینیم. ئەوان  سێ پارتن هەلقولاوی ئەو کۆمەلگایەن کە لە حالەتی وەستاندان. سێ ڕووی جیان بەلام یەک هەناویان هەیە, سێ هەستی جیان بەلام یەک نەستیان هەیە, سێ هەنووکەی جیان بەلام یەک ڕابوردو پەلکێشیان دەکات, سێ سیمبولی جیان بەلام یەک ڕۆح بەرهەمی هێناون, سێ ئاراستەی جیان بەلام یەک ئامانج دەیان بزوێنێت. لە ناخی هیچکامیاندا ڕۆحی شۆرشگێرانەی گۆرانکاری کار ناکات, بەلکو مانەوەی بەردەوامی خۆیان دنەیان دەدات. ئەم ڕونکردنەوەیەم بەچاک زانی تا خوێنەر وا تێنەگات کە ڕەخنە لە ئیسلامی سیاسی دەگرم واتە پشتگیری ئەو دوو پارتەی تر دەکەم, لەوانەیە بلێم لە ڕووی مەعریفەی ئاینیەوە ئەندامانی یەکگرتوو کەمتر خورافی تربن لە چاو ئەندامانی یەکێتی و پارتی. ستروکتوری پارتی و یەکێتیش دوو سترەکتوری ئاینین.  ستروکتوری ئەو ئاینەش نا کە بە عیلملنی کرابێت بەلکو ستروکتوری ئەو ئاینەی کە تا هەنوکەش خورافیانە لە گەلیدا ڕێدەکەن.

بابێنەوە سەر جەوهەری پرسیارەکە لەسەر دۆخی ئیمرۆی جیهانی ئیسلامی قسە بکەین کە هەر وەک وتمان کۆی هەموو پێکهاتەکانی جیهانی ئیسلامی دەگرێتەوە تەنانەت لەم پێناسەکردنەدا ئاینەکانی تریشی وەبەر دەکەوێت. هەروەک لە پێشەوە ئاماژەم پێدا ئەگەر جیهانێک سەرچاوەی

ژیانی خۆی کە خودایە زیندان کردبێت دەتوانین بەو کۆمەڵگایە بڵێین زیندووە؟ ئەگەر کۆمەڵگایەک نەوێرن بەرەورووی ئەو هێرشە ببنەوە کە بەرەوروویان دێت و خۆیان پەنابدەن و گوێی خۆیانی لێکەر بکەن و بە پینەوپەرۆ دڵی خۆیان خۆش بکەن و زاناو رۆشنبیرەکانی خەفە بکەن و, گەر تاکوتەرا لەو رۆشنبیرانە بوێرانە ( لێرەدا هەندێ لەو نوسەرانەی لێدەردەکەم کە نازانستیانە قەسە لەسەر ئاین دەکەن) سەر بەرزکەنەوە و ئەوانیش بەر تیرو توانج و هەرەشەی مەرگ ببنەوە, ئایا ئەم جیهان دەکرێ ناوی بوێر و ئازاو بەجەرگی لێبنێین؟

جیهانی ئیسلامی گیرۆدەی ئەو رابوردوەیە کە خۆی بەدەستی خۆی خولقاندویەتی. تا پرۆسەیکی سەرتاپاگیری سایکۆلۆژی و فەلسەفی بەسەردا نەهێنریت کە من ناوم ناوە (ئەنتی باوان) لەو بەندیخانەی رابووردوە ناتوانین بێینە دەرەوە و ئاهی ئازادی ناتوانین بە ئارامی هەڵمژین. جیهانی ئیسلامی ئەو جەستە مردووەیە کە بە خۆی نازانێت گیانی دەرچووە. جیهانی ئیسلامی خۆی بەدەستی خۆی کۆت و زنجیر کردووە و بە خۆی نازانێت کە دیلە. جیهانی ئیسلامی ئەو گیانلەبەرە نەزۆک و نەشیردەرەیە کەوا دەزانێت هێشتا هەر دەزێ و شیر دەدات. من لێرەدا ئیسلام تاوانبار ناکەم هێندەی مرۆڤەکان تاوانبار دەکەم, بەڵام ئاخر دەقیش کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە. لێرەوەیە کە شەریعەت و دەقی پیرۆز بەر رەخنە دەکەون, چونکە هەڵگرانی ئەم بیرە سیفاتی هەمیشەیی بەو دەقانە دەبەخشن و رەهایان دەکەن. ناچارت دەکەن ئەو دەقانەش بخەیتە ژێر رەخنەوە. رەخنەکە لێرەوە لەوان دەگیرێت کە ئەم دەقانە ناکرێت دەقی تر بەدوایاندا نەیێت. دەنا ئەم دەقانە هیچ تاوانێکیان نیە تەنها ئەوە نەبێت کە مرۆڤ بە ناویانەوە دەیکات. ئەگەر مرۆڤ هوشیار بێت دەتوانێ دەق لە شوێنی خۆیدا بەکار بهێنێت و لە کۆنتێکستی خۆی لێی تێبگات. ئیتر ئەو کات نە دەق و نە خاوەن دەق تاوانبار ناکرێت, بەمەرجێک ئەو دەقە وەک دیاردەیەکی مێژوویی لێی بروانیت وەک دیاردەیەک کە هی خوابێت و پیرۆزی بکەیت. هەرکات ئەو پیرۆزییە کە بەو دەقە ببەخشیت, ئیتر ناچار دەبین ئەو پیرۆزییە بشکێنین تا بوار برەخسێت بۆ گفتوگۆ. ئەو کۆنتێکستەی کە تێکستێکی تێدا دەخولقێت کاریگەریەکی زۆری لەسەر ئەو تێکستە دەبێت و دواجاریش ئەو تێکستە لەسەر مرۆڤەکە. گەر مرۆڤ لە کاریگەری ئەم حاڵەتە هوشیار نەبێتەوە, بەبەردەوام لەتەوەری ئەو تێکستەدا دەخولێتەوە. ئەم دیاردەیە لە ناو گشت ئەو پارتانەی کوردستاندا بەدی دەکرێت نەک تەنها لە ناو پارتە ئیسلامیەکاندا, کە بەبەردەوام دەیانەوێ تێکستەکانی رابوردو پیرۆز بکەن, چونکە بەردەوامی دەسەڵاتی ئەوان لەوێدایە.

لە کۆتاییدا دەڵێم گەر بەم دیدەوە لە خوا و ئاین و بوون بروانین, مەزنترین هەنگاوە کە لە رووی رۆحیەوە سەربەخۆیی خۆمان لە نەتەوەکانیی تر وەرگرینەوە. پێم وایە تا رۆحمان ئازاد نەکەین لە دەست سەرچاوەی رۆحی نەتەوەکانی تر, ئازادی سیاسی کارێکی ئاسان نیە. بەڵکو ئەم ئازادی رۆحەیە رێگا بۆ ئازادیەکانی تریش والا دەکات و ئەو جورئەتەمان پێدەبەخشێت کە لە جیابونەوە ناترسین, چونکە دەبینە خاوەنی سەرچاوەی جیهانبینی خۆمان کە بەباشی لەگەڵ سەردەمی پۆست مۆدێرنەدا گونجاوە.

ئەم دیمانەیە لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ دا بە دوو هەڵقە لە ژمارەکانی4211 لە 6-3-2007 و 4212 لە 7-3-2007 بلاو بۆتەوە